**هەرێمی کوردستان/ عێراق** **إقليم كوردستان/ العراق**

**ئەنجومەنی وەزیران** **مجلس الـوزراء**

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٣

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٨) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٣، بڕیاردرا بە:

١. ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی ئابووری بە مەبەستی خستنەڕووی پێشنیار و ئەگەرەکانی ئامادەکاری بۆ گەڵاڵەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١ و دیراسەکردنی پێشنیارەکانی هەردوو وەزارەتی (دارایی و ئابووری، پلاندانان) تایبەت بە ڕێکخستنەوەی داهات.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ ئاسانکاریی گەڵاڵەکردنی هێڵە گشتییەکانی ڕەشنووسی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١ بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان:

أ) وەزیری پلاندانان.

ب) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.

ج) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

د) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

ه) سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.

٣. لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە دەرئەنجامی کارەکانیان بە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووری دەکەن وەک لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

٤. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی ئاستی جێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارەکانی پێشتر دراون لە ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان و چاکسازییەکانی بواری دارایی گشتی و وەزیفەی گشتی و دیاریکردنی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە، و ناردنی ئەو ڕاپۆرتە بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران تا لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێویستیان بۆ وەربگیرێت.

٥. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران